# فرۆنتپەیج بە کوردی

| | | |
|---|---|---|
| نووسەر : ئاسۆ نادری | دانانی HTML یان Java Script. | 2004-08-18 |

زۆر جارێک ڕوو دەدات کە پێویستمان بە HTML کۆدێک یان سکریپتیکی تایبەت دەبیت بۆ ئەنجامدانی فەرامنێکی تایبەت لە سەر ماڵپەڕەکەمان. لەم وانەیەدا چۆنیەتی دانانی ئەو کۆد و سکریپتانە بە شێوەیەکی دروست شیدەکەمەوە، هیوادارم سوودی هەبێت.

پێش هەموو شتێک دەبێ بزانین کە کۆدەکە لە چ شوێنێکی پەڕەکەدا دابنێین. ئەو زانیاریانەش لە ماڵپەڕی تایبەت بەو کۆدانەدا لەگەڵ کۆدەکادا هەمووکات دەنووسرێت. بۆ نموونە ئەم ماڵپەڕە نووسیوویەتی کە کۆدەکە لە کوێدا دابنێین.




دەڵی لە بەشی <Body> دا کۆدەکە دابنێ.

فرۆنتپەیج بکەوە، پاشان شێوەی Code هەڵبژێرە وەک شێوازی بینینی پەڕەکە. ئێستا دەبێ بزانین BODY کامەیە و باشترین شوێن بۆ دانانی کۆدەکە چ شوێنێکە.




1> وەک دەبینین لەوێدا <body نووسراوە و مانای ئەوە دەگەیەنێ کە کۆدەکانی نێو BODY لەوێوە دەست پێدەکەن. باشترین شوێنیش بۆ دانانی کۆدەکە ئە شوێنەیە کە فەرمانێک یان شتێکی دیکەی تێدا کۆتایی پێهاتووە، بۆ نموونە لە بەشی ژمارە 2 دا دەبینین کە لەوێدا </table> کۆتایی پێهاتووە، بۆیە باشتر وایە کە کۆدەکە لەوێدا دابنێین. ئەو وردەکارانەی شوینی دانانی کۆد زۆریش گرینگ نییە، بەڵام هەندێک جار ئەگەر دروست دانەنرێن دواتر هەڵە پیشان دەدەن لە نێو ماڵپەڕدا لە سەر ئینتەرنێت.

پاشان کرتە بکە سەر ئیکۆنی Web Component، ژمارە 3. لەو پەنجەرەیەی کە دەکرێتەوە کرتە بکە سەر Advanced Control و پاشان HTML.




پەنجەرەیەکی بچووک دەکرێتەوە کۆدەکە لەوێدا بلکێنە




OK کرتە بکە، بەو شێوەیە کۆدەکەت بە تەواوی و دروستی دانا. دەتوانی پێشبینینی بکەیت، لە خوارەوە کرتە بکە سەر Preview.




کۆتایی.

